Kurdistan Net کوردستان نێت

# با سوێسکەی شیعر بە شەوارە نەکەوێت!

(7)

دوا بەش

حەمەسەعید حەسەن

## زمان و ئەزموون

شیعری نوێ، پشتی نەکردووەتە کێش و سەروا، وەلێ زیاتر پشتی بە موزیکی ناوەوە بەستووە. شیعری نوێ وەک سەمفۆنیا وایە، لەسەر یەک ڕستەی موزیکایی بەند نییە، (کێش و ئاوازی شیعری نوێ، چرکەی سەعات ئاسا لەیەکتری ناچن و بەردەوام دووبارە نابنەوە.)(٨٤) ئەوە شتێکی ئاساییە کورتەشیعرێک لەسەر یەک کێش بنووسرێت، بەڵام پەنابردنە بەر تاقە کێشێک بۆ چیرۆکەشیعر، ڕەنگدانەوەی کەمتوانایی یان خۆماندوونەکردنی شاعیرە. دەیان ساڵە شێرکۆ بێکەس بە کێشی چواربرگەیی دەنووسێت، پۆستەرەشیعر، شیعری ئاسایی، چیرۆکەشیعر و شانۆنامەی شیعری لە قاڵبی هەمان کێش دەدات و بە درێژایی هەموو کۆمەڵە شیعرەکانی بە دەگمەن لەو کێشە لای داوە.

گۆران کێشە خۆماڵییەکانی زیندوو کردووەتەوە و کێشی تازەشی داهێناوە، بەڵام شێرکۆ بێکەس هەندێک جار شیعری لەنگی نووسیوە و زۆر جاریش بۆ پاراستنی کێش و سەروای شیعرەکانی، بەشداریی لە شێواندنی زمانی کوردیدا کردووە.

زریان گڤەی ون کردووە و بۆی ئەگەڕێ

گەرمیان کوورەی کاوەیە و جۆش دراوە. هەڵۆ، ل٢١٦

ڕستەی دووەم لەنگە، چونکە برگەیەکی نوقسانە.

چاوم هێشتا خۆی بە لقی

دارگوێزەکانی <دامێنت> دەگرێتەوە. (٨٥)

دەبوو نووسیبای (دامێنتەوە.)

هەندێک پێیان وایە، وشە لەبەر دەستی شێرکۆ بێکەسدا هەویرە و ئەویش بە ئارەزووی خۆی گونکی لێ دەبڕێت، وەلێ من وای بۆ دەچم، لە شیعری ویدا هەر لە نۆیەرەیەوە تا دوا بەرهەمی، هەڵەی زمان هەیە.

ئارەقی پاش هیلاکبوونی ماندووێتی ئەسرم.(٨٦)

هیلاکبوون و ماندوویەتی، هاوواتان، جیاوازییەکەیان تەنیا لەوەدایە، ماندوو کوردییە و هیلاک عەرەبی.

من کۆڵەکەی خانووبەرەی ژووری ژیانتم. (٨٧)

خانووبەرەی ژوور هەڵەیە، ژووری خانووبەرە ڕاستە، چونکە ژوور، بەشێکە لە خانووبەرە، نەک بە پێچەوانەوە.

کیژی سۆزی وشەکانم هەڵ ئەپەڕن.(٨٨)

چونکە (کیژ) کە بکەرە، تاکە، دەبێت کرداریش تاک بێت، بۆیە هەڵدەپەڕێت، ڕاستە.

(پێویستە پێوەندییەکی پتەو لە نێوان، ئایدیا، موزیک و پاشبەنددا هەبێت، شاعیری بێتوانا سەرەتا سەروا ڕیز دەکات و دواتر بە دوای ئایدیادا تا لەو سەروایانە شیعر دروست بکات، دەگەڕێت! یان ئایدیای حازری لایە و سەرقاڵی گەڕانە بە دوای کێش و پاشبەنددا!)(٨٩) وەلێ شاعیری توانا یەک لە دوای یەک، بە شێوەیەکی

خۆرسک، ئایدیاکانی بە زمانێکی ئەفسووناوی لە نێو موزیک و سەروادا دەتوێنێتەوە، پاشبەندی شیعری هیچ زۆر لە خۆکردنێکی پێوە دیار نییە، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان دێڕە شیعرەکانیشی، هانا بۆ وشەی هاوواتا و ناپێوسیت نابات و زمان ناشێوێنێت.

شاخیش سەری گردەکانی

بنار و یاڵ نزمەکانی

بەردەمی خۆی پڕ خوێن ئەکا،

ڕەنجی تەنیشت دروێن ئەکا.(٩٠)

لەبەر ڕاگرتنی کێشی دێڕی یەکەم، (یاڵە)ی کردووە بە (یاڵ) و لەبەر ڕاگرتنی سەرواش، (دروێنە)ی کردووە بە (دروێن.)

لە گۆنای گەشی ئاڵ و قوڵپنی،

لە لارولەنجەی لەشی جرپنی. (٩١)

(قوڵپن) وشەیەکی داتاشراوە، (جرپن)یش تەنیا بۆ سەروا ڕیز کراوە، ئاخر لارولەنجە و جرپنبوون، پێکەوە کۆ نابنەوە.

ئەشکەوتی قووڵ و زەبەندی

جەنگەڵی و دار و دەوەندی.(٩٢)

لەبەر سەرواهێنانەوە (دەوەن)ی کردووە، بە (دەوەند!)

بە تەلەفۆن قسەی بێدەنگ، قاقای ئەو جوانە

کە نابیستی لەبەر شووشەی کۆگای جامخانە.(٩٣)

(شووشەی جامخانەی کۆگا،) ڕاستە، لەبەر ڕاگرتنی پاشبەند، زمانی شێواندووە.

ئۆردووی بەسامی تاریکی

وا خەریکی گیانەڵڵاوە،

لە گشت لاوە. (٩٤)

لە پێناوی سەروادا، (گیانەڵلایە)ی کردووە بە (گیانەڵڵاوە.)

گوندێک هەیە لە دوورەوە

ئەڵێی خاڵێکی بچووکە بە لاملی

(مەریوان)ی باشوورەوە. هەڵۆ، ل٢٧٤

* مەریوان، دەکەوێتە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە، نەک باشوور.

* لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تەنیا یەک مەریوان هەیە، دووان نییە، تا یەکێکیان هی سەروو بێت و ئەوی تریان خواروو.

* مل، بەشی باکووری جەستەیە، نەک باشوور.

بۆ هێنانەوەی سەروا، نە جوگرافیا و نە هیچ لۆگیکێکی ڕەچاو کردووە. یەکێکی دیکە لەو داوانەی لاقی مەلی شیعری شێرکۆ بێکەسی پێوە بووە، دووبارەکردنەوەی نابەجێ و ناپێویستە. شاعیری توانا درێژدادڕ نییە، لاپەڕە ڕەش ناکاتەوە و بۆ ڕاگرتنی کێش و هێنانەوەی سەروا، دەست بە داوێنی ناوکار <حەشوو> و دووبارەکردنەوەی نادروستەوە ناگرێت.

من ئەمەوێ لەگەڵتا بم،

لە تەکتا بم،

له تاریکیی دەروونتا بم.(٩٥)
(لەگەڵتا بم) و (لەتەکتا بم) یەکێکیان زیادەیە.
من ئەزانم تۆ بروسکەی کێویت
دەستەمۆ و ماڵی کرد. (٩٦)
* بروسکەی کێوی! وەک بروسکە دوو جۆری هەبێت، یەکێکیان کێوی و ئەوی تر کەوی!
* (دەستەمۆ) و (ماڵی) هاوواتان، شاعیرێک کورتبێژی ڕەچاو بکات، وشەگەلی هاوواتا، لە تەنیشت یەکەوە ڕیز ناکات.
ئەم کەشکۆڵە سادە ئەدوێ،
لووتبەرز نییە،
بەسەر کەسدا فیز لێ نادات. هەڵۆ، ل١٠٥
سادە ئەدوێ، لووتبەرز نییە، فیز لێ نادات، هەر سێکیان یەک شتن.
لەژێر دەستیاندا ئەتاسان،
لەژێر دەستیاندا ئەخنکان. هەڵۆ، ل١٥٨
ئایا ئەو دوو ڕستەیە، هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا هەیە؟
ئەوسا کە چەکی هەڵاتوو
لە کڕنووشدا و لەسەر چۆک بوون،
هەندێ پەنجەش بێ نینۆک بوون. هەڵۆ، ل٢٠٢
کڕنووش بردن و هاتنە سەر چۆک، هەر هەمان شتن، (سەرچۆک) ئەگەر هاوسەروای (نینۆک) نەبووایە، شێرکۆ بێکەس هانای بۆ نەدەبرد.
تۆ نەبی، ژێ و تەلی کەمانم پچڕاوە. هەڵۆ، ل٢٢٥
(ژێ) و (تەل) دوو شت نین، یەک شتن.
جێی توانج و جێی پلار و جێگەی تانە و سەرزەنشت بوو. هەڵۆ، ل٢٨٦
* توانج، پلار، تانە و سەرزەنشت، هەر یەک واتایان هەیە و بە مانای سەرکۆنە یان لۆمە دێن.
* وشەی (جێ) سێبارە کراوەتەوە.
گەر ئەوان چەک و تفەنگ بن،
ئەم پەنجەیە. هەڵۆ، ل٢٩٠
چەک و تفەنگ دوو شتی جیاواز نین، تفەنگ جۆرە چەکێکە. ئەمە وەک (پڕ لە گوڵ و نەسرینە)کەی فایەق بێکەس وایە، ئاخر نەسرین جۆرێکە لە گوڵ.
بووک هەر هەموو
کەنیشکەکانی گەرمێن و
کیژی زۆزان و کوێستان بوون.(٩٧)
(کەنیشک و کیژ) هاومانان، بۆیە یەکێکیان زیادەیە، (زۆزان و کوێستان)یش هەروەها.
ئەی هەڵۆی سوور کە هاتنەوە،
خەمی زەردی ئەم دەشتانە شین بوونەوە. هەڵۆ، ل٩٤
ئەوی خاوەنی ئەزموونێکی مەزن بێت، خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەندیشە. شێرکۆ بێکەس نیازی ئەوەی هەبووە، بڵێت: لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی پێشمەرگەدا، دەشت بەرگی خەمی فڕێ داوە، وەلێ توانای دەربڕین بە هانایەوە

نەهاتووە و ماناى شیعرەکە تەواو بە پێچەوانەوەى مەبەستى شاعیرەوەیە. خەمى زەردهەڵگەڕاو، خەمێکە لە بیر چووبێتەوە، چونکە (ڕەنگى زەرد، ڕەمزى مردنە، ڕەنگى سەوزیش نیشانەى ژیان و لەدایکبوون و گەشەکردنە،)(٨٨) بۆیە شینبوونەوەى خەم، بە ماناى سەرهەڵدانەوەى خەم دێت. شاعیر دەبوو، گوتباى:

ئاواتى زەردهەڵگەڕاوى ئەم دەشتانە شین بوونەوە.

تان و پۆى تووڵەڕێ. هەڵۆ، ل ١٢٢

ڕێ، ئیدى تووڵەڕێ بێت، یان شاڕێ، تەنیا (تان)ى هەیە، (پۆ)ى نییە. تان: ستوونییە، پۆ: ئاسۆییە. تان ڕایەڵە و پۆش ئەوەیە کە لەسەر ڕایەڵ دەچنرێت.

چونکە نامەى دەردى ‹کوردى› قەت نەهاتە ئینتیها

تمت القرطاس جف الحبر وانشق القلم.

نە مەرەکەبم لێ بڕاوە، نە خامەم دووڵەت و نە کاغەزیشم تەواو بووە، وەلێ لێرەدا کۆتایى بەم باسە دەهێنم، بەو هیوایەى لە نێوان ئێوە و شیعرى شێرکۆ بێکەسدا، پردێکى نوێم هەڵبەستبێت. ئەگەر ساچمەى ڕاوچى، سوێسکەى دڵمى نەپێکا، دەنووکى قەڵەمەکەم، زۆر جارى تر، لە پەنجەرەى ژوورەکانتان دەداتەوە.

بەهارى 1989 ـ هاوینى 2004

(٨٤) العربي، عدد ٢٦٤ ص١٠١ مارس ١٩٨٩ الكويت.

(٨٥) شێرکۆ بێکەس، دوو سروودى کێوى، ل٦٩

(٨٦) ، (٨٧) و (٨٨) شێرکۆ بێکەس، تریفەى هەڵبەست، ل٧٥ و ٩٧

(٨٩) د. محسن اطيمش، دير الملاك، ص٢٢٥ دار الرشيد ١٩٨٢ بغداد.

(٩٠) شێرکۆ بێکەس، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، ل١٨٤ و ١٨٥

(٩١) تریفەى هەڵبەست، ل١٢١

(٩٢) شێرکۆ بێکەس، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، ل٢٠٧

(٩٣) و (٩٤) تریفەى هەڵبەست، ل٢٦و ل٢١

(٩٥) شێرکۆ بێکەس، دوو سروودى کێوى، شیعرى برایمۆک.

(٩٦) دیوانى شێرکۆ بێکەس، ل٨٢٩ بەرگى یەکەم ١٩٩٠ ستۆکهۆڵم.

(٩٧) كارمن روبن، اللون كعلامه فى شعر عبدالوهاب البياتي، الشرق الاوسط ١٩٨٩/١/١٠ لندن.